گەشت بۆ بادینان –گوندی کوریمێ.

# لەیادی کۆمەڵکوژی ئەنفالی بادینان و کۆمەڵکوژی گوندی کوریمێ .

عومەرمحەمەد
٢٠١٢/٨/٣٠ – سلێمانی



بادینان لە قۆناغی هەشتەمی پەلاماری ئەنفالدا گورزی گەورەی بەرکەوت، زۆرترین ناوچەی کەوتنە بەر پەلاماری گازی کیمیاوی و ئەگەر نەڵێم هەموو ناوچەی بادینان ئەوا زۆربەی شوێنەکانی کیمیابارانکران، لە هەندێک شوێن کۆمەڵکوژی ولە هەندێک شوێنیش زیانێکی ئەوتۆیان لێنەکەوتەوە، بەڵام ئەمە هێچ لە نیازی شۆفینیانەی بەعس و خراپەکاری ئەو رژێمە ناگۆرێ . بەداخەوە لە حساب وکتابی ئەنفالدا راگەیاندنی کوردی کەمترین ئاوری لەم ناوچەیە داوەتەوەو حکومەتی هەرێم و رێکخراوەکانی تایبەت بە ئەنفالیش بەهەمان شێوە خەمساردو کەمتەرخەم بوون، سەرباری ئەمانەش کەسوکاری قوربانیەکان و خەلکی ناوچەی بادینان خۆیان کەمترین هۆشیاریان دەربارەی ئەنفالی بادینان هەیە لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە هێشتا ئەنفالکراوانی ناوچەی بادینان ئەگەر پێویست نەبێو ناچار نەکرێن پێیان شەرمە بڵێن ئێمە ئەنفالکراوین یان کەسوکاری ئەنفالکراوانین ئەم قسەیەم لەخودی قوربانیەکان بیستووە .

بەرواری 2012/8/27 عەسرێکی درەنگ وەخت لەگەڵ هاورێیانم ( سمکۆ سابیرو هاشم محمد) لەسلێمانەوە بە ئۆتۆمبیلە(کیا)کەی سمکۆ سابیر بەرەو پارێزگای دهۆک بەرێکەوتین، رۆژێکی زۆر گەرم بوو کەئاستی گەرمی لە 45 پلەی سەدیدا بوو، بەرێگای کەرکوکدا بەدەم قسەکردنەوە دەربارەی ئەنفالو ناعەدالەتیەکانی دەسەڵاتدارانی رۆژگار، رێگەمان دەبری کاتژمێر 9:45 ی شەو لە چێشتخانەی بریفکانی لەسەر رێگای سەرەکی لاماندا بۆ پشوو وەرگرتن، لەوێ پلەی گەرمی لە 26 ی سەدیدا دابوو، من هەرچەندە سەیارەم نەدەئاژووت کەچی هەستم بەماندوبونێکی زۆر دەکرد، بەڵام کە گەیشتمە سەر ئاوی دەستشۆرەکانو دەستمان خستە بەر ئاوەکە ئەوەندە سارد بوو هەستم بەئاسودەیەکی زۆر کرد، چێشتخانە کە لە کەشو هەوایەکی زۆر خۆشو دڵرفێندابوو، لە قەدپاڵی چیایەک دروستکرابوو رووی لەو دۆڵەبوو کە جادە گشتیەکەی پێدا تێدەپەرێو هەردولای بەچیای بڵند کە داربەرووی کورتە باڵا بەرەنگی سەوز دایانپۆ شیبوو، دوای ئەوەی لە باخچە فێنکو دڵگیرەکەدا نانمانخوارد جارێکی تر بە ئاوە ساردەکە دەموچاومان شۆردەوەو بەرەو دهۆک بەرێکەوتین بەدرێژایی رێگا کاک سمکۆ نوکتەی دەربارەی خەڵکی خانەقیو هەولێر بۆ دەگێرایەوە پاشئەوەی لە چێشتخانەی بریفکانی دەرچووین باسێکی گێرایەوە ئەوەندە پێکەنین هەناسەم تەنگ بوو خەریک بوو پشتم بشکێ، باسەکە بەم شێوە یەبوو : ( کورێ مالێکی خەڵکی سلێمانی دوای ئەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی خانەقینی دەبەستێ لە سلێمانیەوە خۆیان کۆدەکەنەوەو لە رۆژی دیاریکراودا

دەچنە خوازبێنی کچە خانەقینیەکە بۆ کوڕەکەیان،  لەوســـەرەوە کە دەگەڕێنە هەر بەیەکتری پێدەکەنن کاتێک گەیشتبوونە بازگەیەک کارمەندەکانی ئاسایش بەو پێکەنینە قەڵسو توڕە دەبنو دەڵێن : ئەوە عەیب ناکەن پێدەکەنن ؟ بۆچی ڕێز لەسەیتەرە ناگرن..؟ لەمان قسەولەوان قسە بەتوڕەیی دایاندەگرنە خوارەوە جارێکی تر پێیان دەڵێن : بەچی پێدەکەنن ؟ ئەوانیش داوای لێبوردن دەکەنو هۆ کاری پێکەنینەکە یان بۆ کارمەندانی بازگەکە روندەکەنەوەو دەڵێن: – کاکە وەڵا چی بێت لە ئێوە نهێنی بێت ئێمە لەسـلێمانیەوە هاتووینو کاری خێرمان بەدەستەوەیە چوین بۆداوای ژن لە خانەقی، بەڵام ئەوەی راستی بێت هەتا ئێستا بۆمان مەعلوم نیە ئەو ماڵە کچەکەیان پێداوین یانا ..؟ ئیتر کابرای ئاسایشیش دەستی کردبوو، بە پێکەنینو ووتبووی مادام وایە فەرموون برۆن ) .

کاتژمێر 10:30 لە زاویتەلاماندا بۆ ئەوەی چا یەکی ئارام بەخش بخۆینەوە هەر بەراستی ئارام بەخش بوو، چونکە لەناو کە شێکی فێنکو نە سیمی هەوای بادیناندا خۆمان دیتەوەو لەوێ گەرما (25) پلەی سەدی بوو، دوای پشـویەکی کورتخایەن ئیتر کەوتینەوە ڕێ، هەتاگەیشتینە مانگێش پلەی گەرما بەرزیو نزمی دەکرد، بەڵام لە مانگێش پلەی گەرمامان بە 25پلەی جێگیر بینی، کاتژمێر 10:15 ی شـەو لە ماڵی کاک عەبدلقهارخەلیل دابەزین .. عەبدولقەهار خەلیل یەکێکە لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ . سەرباری دوری ڕێگاو ماندوو بونیشمان بەڵام هەتا سەعات (3)ی شەو دانیشتینو خەریکی قسە بووینو نەخەوتین ،دوای ئەوەش من ماوەیەکی زۆر هەر جێنگڵم دەداو خەوم لێنەدەکەوت ئەوەش سروشتێکی شانزە ساڵی رابوردووی منە کە هەرگیز لەجێگەی خۆمدا نەبێ خەوم لێناکەوێت، جا ئەو جێگە لەخۆشترین هۆتێلی ئەم وڵاتەشدا بووبێ، هاورێکەم سمکۆ سابیر سەرباری ماندوێتی کە لە کەلارەوە سەیارە کیاکەی ئاژوتبوو، هەتا مەلای بەیانیش بانگی دا هەر نە خەوتبووین ..گرفتەکەش ئەوە بوو دەبوو بەیانی کاتژمێر (9) لەگوندی کورێمێ ئامادەبین بۆ مەراسـیمی یادی کۆمەڵکوژیەکەی 28ی ئابی سـاڵی 1988 کە لەقۆناغی هەشـتەمی ئەنفالدا 33 پیاوی گوندی کورێمێو چەلکێ دوای خۆبەدەستەوە دانیان گوللەباران کران .

من نەمزانی کاتژمێر چەند خەوم لێکەوتووە بەڵام بەیانی کاتژمێر 7:50 دەقیقە بەزەنگی تەلەفۆنی خاتوو (عەدالەت عومەر)[1] خەبەرم بووەوە ئەویش لەهەولێرەوە بەرێکەوتبوو بێت بۆ بەشـداری یادی کۆمەڵکوژییەکە، بەتەلەفۆن هەواڵی ئەوەی پێدام کە هاتوونو ووتی : (من لە ناو شـاری دهۆکم ) داوای رێنمایی رێگاکەی دەکرد منیش رێنمایی رێگام بۆ کرد بە کوێدا بێت بەرەو ناحیێ مانگێش ..زۆری نەبرد کە زەنگی بۆکردمەوەو ووتی: لە ناوچەی دۆسـکی داینو لەسـەنتەری ناحێکە نزیک بوونەتەوە، جەماعەتیش کاتژمێر 8:30 لەخەو هەستان بەڵام تا ئەوان هەستان من دەمو چاوم شـۆردو چووم لە حەوشـەدڵگیرەکەی ماڵی "عەبدالقهار" چەند هەنجیرێکی بەتامم نۆش کرد.. بەڕاستی هەنجیرێکی شیرینو بەتام بوو، پێم سەیر بوو کە هەر ئەو دار هەنجیرە دوو بەری گرتبوو، یەکێکیان ڕەشو ئەوی تر سپی بوو، من تەنها لە ڕەشەکەم خوارد، سـەیر بوو هەنجیری تاین ئەوندە لینج بوو، بەسـابوونیش لینجیەکەی لەدەسـتم نەدەبووە. ئیتر زۆری نەبرد کە عەدالەت عومەریش گەیشـتو لەماڵی خانە خۆێ لایداو نانی بەیانیمان لەوێ نۆش کردو لەماڵ هاتینە دەرەوە بۆ ئەوەی برۆین بۆ گوندی کورێمێ .

## بەرەو گوندی کورێمێ

کاتژمێر 8:45 دەقیقە لە ناوەندی ناحێی مانگێشـەوە بەرەو گوندی کورێمێ کەوتینەرێ کە هەروا (10) دەقیقەیەک بەسـەیارە لە ناحێکەوە دورە بە هەورازو نشـێوی رێگایەکی قیرتاوکراودا رێگەمان بریو زۆری

1 - عەدالەت عومەر صالح یەکێکە لەچالاکوانە دیارەکانی بواری ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی کورد و لەهەولێر دادەنیشێ.



نەبرد گەیشتینە گوندەکە، بەرلە ئێمە خەڵکێکی تر لەوێ ئامادەبوون کە بەهەموویان ژمارەیان 50 کەس نەدە بوو، ئەوا نیش خە ڵکی هەردو گوندی چەلکێو کورێمێ بون، کە لەدوای بیستو پێنج ساڵ تێپەرین بەسەرکۆمەڵکوشتنیاندا ئەمە یەکەمینجاربوو وەک یادکردنەوەیەکی فەرمی خەڵکو بەرپرسان لەسەر مەزاری شەهیدانی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ ئامادەبن . بەراستی دیمەنێکی مەیانتبار بوو، زۆر هەستم بەبێ کەسی ئەو خەڵکە کرد کە 25 ساڵ بەرلە ئێستا ئەو تاوانە گەورەیەیان دەرهەق کراوەو دەسەڵاتدارانی کوردستان بەو ئەندازەیە بێخەمن لەبەرامبەریاندا ! بەراستی ئەو رۆژە هیچ هەستم بە بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکرد، ئەو دایکوباوکانەی کە لەسەر گۆری شەهیدەکانیان بە خەمباری راوەستابوون و چەند لافیتەیەکیشیان هێنابوو، هەروا دروشمی رۆتینیان لەسەر نوسرابوو، کە زیاتر ئەو قسە دوبارەو کۆنانە بوون لە حزبەکانیانەوە بۆ یان مابووەوە دیمەنی ئەو ژنو پیاوانەی بە ناهەق لە کورێمێ کەسو کارە نزیەکە کانیان کوژرابوون زۆرتراژیدی بوو بۆمن . ئەو رۆژە لە کورێمێ چاوم بە پیاوێکی گوندی چەلکێ کەوت بەناوی " شەریف فەتاح ئەحمەد) کەوا لە کۆمەڵکوژیەکەی رۆژی 28ی ئابی 1988 سێ کوڕی کوژرابوون بەناوەکانی ( ئەکرەمو عەبدالستارو موسا) بۆخۆشی ماوەی 18 شەو لەنزارکێ دەستبەسەربووەو چاوەروانی ئانوساتی گواستنەوە بوو، بۆ زیندانێکی تر کەبۆخۆشی نەیدەزانی بۆکوێ یە وەکو هەمووئەوخەلکانەی پێشتر لەنزارکی برانو نەگەرانەوە بەڵام لەوەدا بەختی هەبوو کەوا بریاری لێبوردنی گشتی دەرچوو ئەوانیش رزگاریان بوو .

(حاجی حەکیم یاقوب جاسم)یش یەکێک بوو لەوانەی لەگۆرستانەکەی کورێمێ ئامادەبوو، قسەی بۆکردمو ووتی: من بەچاوی خۆم کوشتنی زیندانیەکانی قەلای نزارکێم بینیوە، یەکێک لەوکەسانەی بەپێشچاوی خۆیەوە بەبلۆک کوشتویانە فەتاح عەبدوالقادر فتاح بووە کە خوشکەزای خۆیەتی، واباس دەکرا کە فەتاح لەکۆمەڵکوژییەکەی کورێمێ رزگاری بووەودواتر بێسەرو شوێنکراوەتەوە، بەڵام حاجی حەکیم یاقوب دەڵێت : (لەقەڵایا مەزن " مەبەست نزارکێ یە" ژ پێش چاڤێ مە کوردا بەدەستا بەعسیان بەلۆکان هاتنەکوشتن)([2]) ئەوی شەهیدێن مە ناڤی وی فتاح بوو .

فەتاح عەبدولقادر و دوبرای دیکەی بەناوەکانی صدقیو نوری لەگەڵ پیاوەکانی کورێمیو چەلکیدا ریزکرا بۆ کوشتن، بەڵام خۆی صدقیش بەبریندار رزگاریان بوو، بەڵام فەتاح هێشتا نازانرێ چۆنو چەند رۆژ دوای ئەو کۆمەڵکوژیە دەستگیرکراوەتەوە. دەنا دەبوو ئەویش هاوسەفەری پیاوانە بوایەکەوا بیستو پێنج ساڵ پێش ئێستا لەرۆژێکی وەک ئەمرۆدا گوللەبارانکرابوونو ئێستا لەگۆرەکانیاندا راکشاون،هەرچەندە گۆری ئەو قوربانیانە زۆر بێناز هاتنە بەرچاوم .. بەڵام ئەگەر فەتاح هەرلەوێ کوژرابایە لەوەدا بەختی دەبوو

---

[2] دیداری نوسەر لەگەڵ دانیشتوانی گوندی چەلکێ – 28ی ئابی 2012 گوندی کورێمێ

**کەوا تەرمەکەی ئەویش ئێستا لەگەڵ ئەوانەی تر لەکوریمێ ئەسپەردە بکرێتەوە کەوا دوای 25 ساڵ لە گوللەبارانکردنیان لە دوگۆری بەکۆمەڵدا هەڵدرابوونەوە. دوای ئەوەی لە خەستەخانەی دۆهۆک، شیکارییان بۆ کرابوو هەندێکیشیان بەجلو بەرگەکانیاندا نا سرابوونەوەو ئینجا گوازرابوونەوە بۆ ناو ئەم گۆڕستانەی گوندی کوریمێ . گۆڕستانیش تائەو پەری بێنازو پەراوێزخراوبوو تەنانەت دیوارێکی شایستەیان بۆ نەکرابوو ..! لەکاتێکدا دەبوایە زۆر زوتر مۆنۆمێنتێکیان وەکو سومبلی کۆمەڵکوژی ناوچەکە بۆ دروستکرابا .. خەڵکی چەلکێو کوریمێ ئەو رۆژە هەستێکی سەیریان هەبوو، منیش هەستێکی سەیرم بەرامبەریان هەبوو، یەکەمجاریان بوو دوای 24ساڵ لە تاوانەکە خەڵکێک بۆ مەراسیمی یادکردنەوەی قوربانیەکانیان بێتە ئەو گوندە، چ جای منێک لە سلێمانیەوە بچم !! بەتایبەتی رێزێکی باشتریان لە ئێمە دەگرت کە زانیان لە سلێمانیەوە چووبووین، من لەگەڵ هاورێی بەرێزم " سەکۆ سابیرو هاشم محمد" رێگایەکی دورەمان بریبوو، من نەمدەویست کات بکوژم بەڵکو دەمویست زۆرترین زانیاری لەسەر ئەو تاوانە بەدەستبهێنم بۆیە هەرزوو کامێرا ڤیدیۆکەمم دەرکردو کەوتمە پرسیار کردن لە خەڵکی گوندەکە، پیرەمێردو پیرەژنەکان کەوا چاوەروان بوون وەزیری شەهیدانو ئەنفالکراوان بگاتە ئەوێو گوێیان لە قسەو بەلێنەکانی بێت بەرلەوەی وەزیر بگاتە ئەوێ من زوومی کامێرام بۆکردنەوە کاتێکم پرسیارم لێدەکردن، زۆر بە گەرمیەوە قسەیان بۆ دەکردمو چیرۆکی خۆیان دەگێرایەوە کە لە قەڵای نزارکێ ..چییان لێبەسەرهاتووە، ئەم گوندە چۆن پیاوەکانیان جیاکردووەتەوەو 33 پیاویان هەروا لەخوارگوندەکەوە داوەتە بەر دەستڕێژی گوللەو شەهیدیانکردوون .**

**گوندی کوریمێ لە ساڵی 1988 بەرلەوەی ئەنفال بکرێ 80 ماڵبوون، بەشێوەیەکی گشتی خەڵکەکەی سەرقاڵی کشتوکاڵو ئاژەڵداری بوون، رەزو باخێکی زۆریان هەبووە،بەزۆری داری سێو هەرمێ، هەنجیر وکشتوکاڵی بەروواویشیان بریتی بووە لەتەماتە، کوریمی دوبەر بوون بەری رۆژ هەڵاتیان پێیان دەلێن شیرالی و بەشی رۆژئاوایان پێیان دەڵێن بریکانی، لەقۆناغی هەشتەمی ئەنفالدا لەبەرواری 2012/8/28 پاش سێ رۆژ لە دەستپێکردنی ئەنفالو کیمیا بارانکردنی ناوچەکە خەڵکی گوندی کوریمی روبەروی توندوتیژییەکی زۆرو تاوانێکی مەترسیدار بوونەوە ..ئەوان پاشئەوەی نائومێدببون لەوەی دەگەنە سەرسنوری تورکیا هەتا دەربازیان ببێ شەوی 28/27ی مانگی ئاب گەرانەوە بۆکوریمێ و لەدۆڵێکی خوارگوندەکەیان گیرسانەوەو شەویان لەوێ رۆژکردەوە بەڵام بۆ بەیانی هەرئەوەندەیان خۆش بوو هەتا خۆیان رادەستی سوپاکرد ئیتر هەموو ئومێدێک کۆتایی هات چونکە 24 پیاوی کوریمێ لەگەڵ (9) پیاوی گوندی چەلکێ هەرلەجێدا درانە بەردەستڕێژی گوللەو کۆمەڵکوژکران.**

**هێشتا قۆناغی حەوتەمی ئەنفال کۆتایی نەهاتبوو، فەیلەقی یەک لە ناوچەکانی شەقڵاوە سەرگەرمی هێرشو پەلاماری توند بوو بۆ یەکلایی کردنەوەی بەرهەلستی پێشمەرگە، سوپای عێراق کە قۆناغەکانی تری ئەنفالی لەماوەیەکی دیاریکراودا تەواوکردبوو لە سنوری مەڵبەندی سێ شێرزەییەکی پێوە دیاربوو لەبەرامبەر بەرگری پێشمەرگە دا، بەڵام کە لە 8ی ئابدا ئاگر بەستی جەنگی عێراق – ئێران راگەیەنرا، عەلی حەسەن مەجید دەست ئاواڵاتر بوو لە ناردنی هێزی زیاتر بۆ سەرکوردستان، بۆیە بەشەخصی پێداگری کرد لەسەرئەوەی کەدەبێ تێکدەران کۆتاییان پێبێت ([3]) فەیلەقی پێنجی سوپا کە بارەگای لە هەولێر بوو، دەبوو بەرپرسی عەمەلیاتی ئەنفالی ناوچەی بادینان بێتو لەوێ کۆتایی بە پارتی دیموکراتی کوردستانو هێزی مسعود بارزانی بهێنێ.**

[3] بروانە میدل ئێست وچ – جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد – چاپی دووەم -2004 وەرگێرانی محمد حەمەصالح توفیق- لاپەرە 339-341.

**لەسەر ئەو راسپاردانەی پێشتری عەلی حسن مەجید فەرماندەی فەیلەقی پێنج کەوتە خۆ، هێشتا شەر لەناوچەی شەقلاو گەرم بوو کە سنووری نێوان عێراق و تورکیای تەنی بۆئەوەی هەرهیچ نەبێت قۆناغی هەشت تێپەرێنیو دواتر بگەرێتەوە سەر ئەوپێشمەرگانەی لەناوچەی شەقلاوە لەمەیدان مابوونەوەو چۆکیان دانەدەدا ، فیرقەکانی تریش لەوانە هەندێ تەشکیلاتی فەیلەقەکانی (سێ، شەش، حەوت) لە بەرەکانی باشووری جەنگەوە، لە دەوروبەری فاو و بەسرەوە گوێزرانەوە بۆ کوردستانو ئەرکی نوێیان پێسپێردرا سەربازەکان کا قاڵبووی 8 ساڵ جەنگی ئێران بوون، بە هیوای ئەوەی ئەمە دواهەمین جەنگەو ئیتر دەچنەوە ماڵو حاڵی خۆیان بەدڵگەرمیو گوڕوتینێکی باشترەوە پەلاماریان دەداو ڕوبەرو دەبوونەوە.**

**بەهۆی راگرتنی جەنگەوە هێزی پێشمەرگەش نائومێد بوون، بەگەیشتنی هێزی زیاتری پشتیوانی هێزەکانی فەیلەقی یەکو فەیلەقی پێنجیش خۆیان سازدایەوە بۆ کۆتایی هێنان بە بەرگری پێشمەرگەو دەستپێکردنی قۆناغی هەشتەمی ئەنفال کە هەموو ناوچەی بادینانی گرتەوە بە بۆمبارانی کیمیاوی لە 25 ی ئابدا دەستی پێکرد. لە ڕۆژی 1988/8/25 ناوچەی بادینان بە شێوەیەکی بەربڵاوو دڕندانە کەوتە بەرپەلاماری گازی کیمیاویو زۆربەی ناحیو گوندەکانو بناری چیاکان بەچڕی بۆردومانی گازکران، هاوکات سیاسەتێکی تریشی خستەگەر لەهەموو قۆڵەکانی پەلامارەوە سیخوری بەعس دەچوونە ناوخەڵکو پێشمەرگەوەو پروپاگەندەیان دەکرد بەوەی کە هەموو رێگاکان گیراونو خەڵکێکی زۆر لەسەر سنوری تورکیا کوژراوەو هیچ رێگەیەک بۆ دەربازبوون نەماوەتەوە هەڵبەتە ئامانجی بەعس ئەوە بوو گوند نشینەکان بەگازی ژەهراوی بتۆقێنیو بە پروپاگەندی جاسوسەکانیشی زووتر بەچۆکیاندابێنیو خەڵکەکە بەئاسانی خۆبدەنە دەستەوە پێشمەرگەش بەبێ بەرگری بهێڵیتەوەو پەلاماری ئەو قۆناغەش زۆردرێژە نەکێشێ، رەنگە بەکارهێنانی گاز زیاتر لەبەر ئەوەبووبێ وەک لە راپۆرتی فەیلەقی پێنجدا شیکردنەوەی بۆکراوە کە ناوچەکە شاخاویو عاسێ یە بۆ هێزێکی نیزامی ([4])**

**سەر لە بەیانی بەرواری 1988/8/28 وەکو تەواوی ناوچەکە گوندی کورێمێش هێرشی زەمینی کرایە سەر، هەموو خەڵکی ئەو گوندەو هەندێک خەکی تری گوندی چەلکێ کە پێشتر لە دۆڵوچیاکان خۆیان شاردبووەوەو لەهەوڵی دەربازبووندا بوون ملی چەندین رێگای دەربازبوونیان گرتبووە بەر بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنابوو بەهۆی ئەوەی رێگای زۆریان بری بوو زۆر ماندوو ببون، بۆیە بەناچاری بەگەنجو پیرو ژنو منداڵەوە ملی رێگایان گرتبووەوە بەرەو گوندەکەی خۆیان ئەو ڕۆژە لەگەڵ هەتاو کەوتندا گەیشتنەوە خوارگوندی کورێمێ بەڵام بینیان وا سوپا چواردەوری گوندی گرتووە بۆیە ئەوانیش ئاڵای سپییان هەڵکردو خۆیان بە دەستەوەدا، بەڵام خۆبەدەستەوەدان هیچی لە هەستی بەعسیەکان نەگۆڕیو ئەفسەرانی سوپا مامەڵەیەکی توندیان لەگەڵدا کردن، ئەفسەرێکی موقەدەمی پێشووی سوپای عێراق بە میدڵ ئیست وۆچی ڕاگەیاندووە : "فەرمانمان بۆ هات هەرچی پێشمەرگەیە بیانکوژین، تەنانەت ئەوانەشیان کە خۆبەدەستەوە دەدەن. هەروەها ئەو جووتیارە مەدەنیانەش کە لە ناوچەی قەدەغەکراودا بوون هەر بەپێشمەرگە دانرابوون. تەواوی پیاوانی ناوچە قەدەغەکراوەکان کە تەمەنیان 15 ـــــ 60 ساڵ بوو، دەبوو بەتێکدەر دابنرێن و بکوژرێن .**

**هەرئەوەندەی خۆیان دایە دەستەوە کەوتنە پشکنینیانو بەزوویی هەرچی پێیانبوو لێیان سەندن بە نینۆکبری بەرباخەلیشەوە، ئینجا کەوتنە جیاکردنەوە دوای پۆلێنکردنیانو جیاکردنەوەی ژنو منداڵ لەلایەکو پیاوەکانیش لەلایەکی تر، سەرئەنجام ژنو منداڵەکانیان ڕەوانەی مانگێشو قەڵای نزارکێ کردوو 33**

---

[4] بروانە ئەنفالکرنا بەهدینان عەلی بەندی- بەرگی سێهەم – چاپخانەی خانی ( نهێنی شەڕێ دوماهییا ئەنفالی ) لاپەرە 185 – 219 " مەبەست لەراپۆرتەکەی فەرماندەی فەیلەقی پێنج لیوارکن یونس محمد زەرب"ە کە شیکردنەوەیەکی وردی بۆ ئەنفالی کۆتایی کردووە.

پیاویش ڕووەو خواروی گوندەکە بەریز بەرێخرانو هەروا 200 مەترێک دور خرانەوە بۆ شـــوێنێکی لێژاییو نەدیوی خوار گونـدی کورێمێ بە هەمووی کـاتژمێرێکی نەبرد لەوێ تـاوانی کۆمەڵکوژی پیـاوانی گونـدی کورێمێ بەفەرمـانی دوو ئەفســـەر بەنـاوەکـانی عەبـاسو محمـد دەرچوو، هەر لە شـــوێنی خۆیـان گوللەبارانکرابوون، لەوکۆمەڵکوژییەدا لە کۆی 33 کەس بە موعجزە ( 6) کەس دەربازبوون یەکێک لەوانە هاشم محمد ڕەشیدە پێکەوە لەگەڵ هاشمو سمکۆسابیروپیاوێکی تر بەناوی حاجی عوسمان چووینە ئەو شـوێنەی کە گوللەبارانکردنەکە تیایدا رویداوە . هاشـم بە ئاماژەی دەسـت لەچیاو گوندەکانی ئەوبەرەوە چیرۆکی هەوڵی دەربازبوونو شـکسـتو ماندووبونی خۆیانی بۆگێرایەنەوە هەتا نزیک بووەوە بۆ شـوێنی گرتنو پۆلێنکردنیان کە هەمان ئەو شـوێنەبوو ئێمە لێی وەسـتابووین، دواتر بەپێ بەناو پوشـی ناو دارستانەکەدا بەرەوخوار بوینەوە هەتا هەمان ئەو شوێنەی کە 33 پیاوەکەی تیایدا گوللەبارانکرابوو، هاشم چووەوە هەمان ئەو شوێنەی کە خۆی لێی بووەو تیایدا لەسەر ئەژنۆکانی دانیشتووە، شوینی قوربانیەکان نزماییەکەو سـەربازەکانیش لەبەرزایی بوونو بەهەمووی 8–10 مەتر لێیانەوە دوربوون، هاشـم لەبەردەم کامێرای ئەنفالسـتاندا لەهەمان شـوێنی کۆمەڵکوژییەکە لەگوندی کورێمێ رۆژی 28ی ئابی 2012 چیرۆکی کۆمەڵکوژیەکەی گێرایەوە ووتی: تا ئەوکاتەی فەرمانیان پێکردین کە دانیشن هەموو سەربازەکانم دەبینی کە ژمارەیان (10) کەسـی ئامادە باش بوونو دەسـت لەسـەر بەلەپیتکەی تفەنگ بەریز وەسـتابوون، بەڵام کە فەرمانیان پێکردین دانیشـتن ئیتر هیچ سـەربازێکیان لێمەوە دیارنەمان، من کەوتمە نزماییەکەوە " نەدیوو" بوو.. وتی پێشـتر کە گرتیانینو جیایانکردینەوە هەندێک لەسـەربازەکان زۆر نەرم بوون لەگەڵمان تەنانەت جگەرەشیان پێداین هەیانبوو دەیانگووت عافواتەو بەرتان دەدەین هەشیان بوو دەیگووت هیچ عافواتێک نیە، یەکەمجـار من لەریزەکەدا لەدواوە بووم بەڵام کەوتیـان وەرگەرێنو بردیـانینە ئەو شـــوێنەوە من کەوتمە پێشەوەو لەدەستەراستەوە یەکەمین کەس بووم عەبدولقهار بەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، پێمووت دەمانکوژن ..زۆری نەبرد کە ئەفسەرەکە بەهۆکی تۆکی لەگەڵ سەروی خۆی قسەی دەکرد هەرکە جیهازەکەی داخستەوە یەکسەر ووتی: ارمی ( واتا گوللەبارانیان بکەن) حاجی عوسمانیش جاربەجار خۆی دەخستە ناو قسەکانەوەو هاوکاری هاشمی دەکرد بۆ بیرهێنانەوەی چیرۆکەکەی .. وردەوردە کاتمان تێدەپەڕاندو هاشم لە گێرانەوەی چیرۆکەکەی ماندونەدەبوو لەوکاتەدا من گرفتێکم بۆهاتە پێشە لەسـەر شاشـەی کامێرا سۆنیە بچوکەمەوە ئاماژە بەتەواو بوونی باتریەکەی دەدا جگەلە حاجی عوسمان کە خەلکی گوندەکە بوو کورێکی بەناوی مرادو برازایەکیشـی بەناوی ئازاد لەو تاوانی کۆمەڵکوژیەدا شـەهید بوون، ئێمە تەنیا کەسـی میوان بووین کە لەگوندی کورێمێ مابووینەوە جگەلەوەی دەبوایە بگەرێینەوە بۆ سلێمانی لەرێگەشماندا بچین سەردانی ماڵی دەربازبوەکانی ترو قەڵای نزارکێ لە ناوشـاری دهۆک بکەین بۆیە بەناچاری هاشـمان لە گێرانەوەی چیرۆکەکەی راگرتو گەراینەوە بۆناوگوندی کورێمێ . لەوێ لاماندایە ماڵی خانەوادەیەک کە ماڵی پوری هشم بوو، ئەویش لەگەڵ پوری دەستیان لەملی یەکتری کردو تێریەکتریان ماچ کرد . بێجگە لەچایی تەماتەی ناو باخەکەی خۆیان بۆهێناین بەخوێوە خواردمان زۆر سـەیربوو کە ئەو تەماتەیە تامێکی زۆر خۆش و تایبەتی هەبوو.

گوندی کورێمێ پێشـتر 80 ماڵ بووەو ئێستا تەنها 12 ماڵی تێداماوە کەچی سەرباری ئەو غەدرە گەورەیەی لێکراوە، زۆر بێخزمەتگوزاریەو بەتەواوی پەراوێزو پشتگوێ خراوە، هێشتا ئاسەواری ئەو تاوانە بەتەواوی بەسیمای ئەوگوندەوە دیارە لە هەمووی سـەرنج راکێشـتر گۆرسـتانی شـەهیدەکانێتی تەنانەت سیاجێکی رێکوپێکی بۆ دروسـت نەکراوە، کە دەبوایە لەو گوندەدا مۆنۆمێنتێکی شـایسـتە دروسـتکرابایەو وەک رێزلێنانێک لەو مرۆڤانەی بەناهەق کوژران هەتا بەڵگەی تاوانەکەو چیرۆکو بەسەرهاتی کۆمەڵکوژی گوندی

کوریمی لەو مۆنۆمێنتەدا بپارێزرایە. خەڵکە هەژارەکەی کەبەکاری کشــتوکاڵەوە خەریکن بەخراپی پشــتگوێ خراونو هیچ خزمەتگوزارییەکیان پێنەگەیشتووە !..

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە ڕاپۆرتی ژمارە 2422 ی فەیلەقی پێنجدا هاتوونو لە کۆتایی ســاڵی 1988دا نوسراوە دەردەکەوێت کە تاوانی گوندی کوریمێ لەلایەن تیپی 29ی پیادەو یەکێک لە لیواکانی 435 ، 238، 84 ئەنجامدراوە .

وەک دەبینین لەپەلامارەکانی ئەنفالی بادینا ندا، بەعس رێوشــوێنێکی مەترســیداری گرتووەتە بەر، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تێبینیەشەوە کە هەندێک لەسەرەک خێڵەکان هاوسۆزو پسشتیوانی زیاتریان بۆ صدام پیشــاندابوو، ئەمەش وای کرد کە بەپێچەوانەی ناوچەی ســۆرانەوە کە هیچ خانوویەک بەپێوە نەما لە بادینان هەندێک گوند مانەوە، پلانە ســەربازیو ئەمنیەکان لە قۆناغی هەشــتەمی ئەنفالدا تاڕادەیەکی زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەو پەلامارانەی لە قۆناغەکانی تردا ئەنجامیدا بوون، بەلای کەمەوە پۆلێنکردن شێوازێکی تری هەبوو، لەم قۆنەغەدا کە دواغۆناغی پەلامارەکانی ئەنفال بوو، بەعس لەو پەری غرورو پاڵەوانبازیدا بوو، لە تەواوی ناوچە قەدەغەکراوەکاندا پێشــڕەوی کردبوو هەموو گوندەکانی لە گەڵ زەوی تەختکردبوو، گوندنشینەکانی پۆلێنکردبوو زۆر بەشیانی لە گۆڕی بەکۆمەڵدا کوشتبوو، بەشێوەیەکی سیستماتیک بەشۆفڵ خۆڵی کردبوو بەسەریاندا، لەم پەلامارەشدا پێشڕەوی دەکردو بێبەزەییانە وێرانکاری دەکرد، لە بەرەبەیاندا گوندەکانی بە بۆمبی کیمیاوی دادەگرتەوەو دواتریش هێرشــی ســەربازی دەکردە ســەریانو بەشــێوەیەکی دڵڕەقانە دەکەوتە وێزەی خەڵکی مەدەنیوئەنفالی دەکردن، ئەم شــێوە پەلامارە لە قۆناغی دووەمی ئەنفالدا لە گوندی ســێوســێنانو تەکیەو بەلەکجارو لە قۆناغی چوارەمیشــدا لەهەردوو گوندی گۆپتەپەو عەســکەر رویدابوو کە لەپێشەوە بەچەکی کیمیاوی پەلاماریدانو دواتر هێرشی زەمینی دەستی پێکرد. جیاوازی لێرەدا ئەوە بوو کەکیمیابارانی بادینان لە 25ی ئابدا تەنها گوندێک یان دوانی نەگرتەوە بەڵکو لەو ڕۆژەو ڕۆژانی دواتردا زیاتر لە 75 گوندی بادینان بەچەکی کیمیاوی پەلاماردران. لەو گەشــتەماندا بۆ گوندی کوریمێ پێشــمەرگەی دێرین هەڵمەت لەزگینی بەزەحمەت هەندێک قســەی بۆکردین هۆکارەکەشــی نەفس بەرزی بوو، هەڵمەت بۆیە خۆی لەقســەکردن دەبوارد لەبەرئەوەی کە بڕوای وابوو کە ئەمرۆ هێندەی پیاوی درۆزن قســە دەکەن کەسە ڕاستگۆکان قسەناکەن بۆیە خۆی لەوە دەپارێست تاتێکەڵی ئەو جۆرە درۆزنانە نەبێ . هەڵمەت ئەو ڕۆژە لەو دەڤەرە بووە، و کیمیبارانی ناوچەکەی بەچاوی خۆی بینیوە، لەوبارەیەوە قســەی زۆری بۆکردم ، ووتی ڕۆژی 25ی ئابی ساڵی 1988 بوو بەیانیەکی زوو کاتژمێر هەشتی بەیانی فرۆکەکانی ڕژێم هاتن دەســتیانکردە بۆمبارانی ناوچەکە یەکەمجارا لە گوندی () ی داو ســیازدە کەس کوژران کەهەموویان پێشــمەرگە بوون، تەنانەت هەندێک پێشــمەرگە کە چووین بەدەنگیانەوە بەوە برنیداربوون کە دەســتیان بەر جەستەی شەهیدەکانو برینداراەکان کەوت، هەیانە ئێستاش ماوەو دەستی بەڵەک بووە .



شوێنی کۆمەڵکوژیەکەی پیاوانی گوندی کورێمی لە بەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨

ئەوەی لە گوندی کورێمێ ڕویدابوو پێشـــتر لە هیچ قۆناغێکی تری ئەنفالدا لەلایەن ســوپاوە پیادە نەکرا بوو، ئەویش کۆمەڵکوژی دەستبەجێ بوو کە دوای پۆلێنکردن لە شـوێنی نیشـتەجێ بوونی گوندنشـــینەکاندا، واتە کوشـــتنی بە کۆمەڵی دەســـتگیرکراوەکان لە شـوێنی ژیانو نیشتەجێبوونی خۆیاندا، بەڵکو لەپەلامارەکانی ئەنفالدا لە پێشەوە خەڵک دەستنیشان دەکران، دواتر بەهێزی سوپا لەئاسمانو سەرزەمینەوە پەلامار دەدرانو دەگیران ئینجا کۆدەکرانەوەو بە ســـەیارەی ســـەربازی ڕەوانەی بنکەکانی کۆکردنەوە دەکرانو لەوێشـــەوە بۆبنکەی ســـەرەکی تۆپزاوا دەگوازرانەوەو دەســـت بە پۆلێنکردنو راماڵینیان دەکرا، بەڵام لە گوندی کورێمێ حاڵەتەکە جیاواز بوو، هەرلە گەڵگرتنیاندا پیاوەکان هەر لە ناو گوندەکەدا کۆکراونەتەوەوپاشـئەوەی لە ژن و منداڵەکانیان جیاکردنەوە هەر لەجێدا بەفەرمانی ئەفسـەرە مەیدانیەکان، کە بریتی بوون لە (عەباسو محمەد) کە هەردوکیان ملازم بوونو دوو نەجمەیان لەسـەرشـان بووە، نزیکەی 10 ســـەرباز راســـپێردراون، 33پیاوەکە گوللە باران بکەن، ئەم کارە دڕنانەیە لەچیرۆکی هەریەک لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ بەڕونی دەردەکەوێ تەنانەت ناوی ئەو ئەفســـەرانەش دەزانن کە فەرمانی تەقەکردنیان داوەو رێوشوێنی کۆمەڵکوژییەکەیان گرتووەتە بەر[5] دەربازبووانی ئەم کۆمەڵکوژییە، هەتا ســـاڵی 1991 بەبێدەنگی لە کۆمەڵگا زۆرە ملێکاندا دەژیان، دواتر لەمانگی مایسو حوزێرانی ســـاڵی 1992دا، پزیشـکانی مافی مرۆڤ، تیمێکی توێژەری پزیشـکیی دادوەرییان (فۆرێنسـیک) نارد بۆ عێراق. لە کوردسـتانی باشـور بەمەبەسـتی هەڵدانەوەی گۆری بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی لە گوندی برجینی هەرئەو تیمە قوربانیەکانی گوندی " کورێمێ" یشـــی هەڵدایەوە کە پێکهاتبوون لە 27 پیاوی کوژراو ئەوتیمەش پێکهاتبوون لەو لێکۆڵەرەوانەی کە ڕاهێنانیان لەســـەر ئەنترۆ پۆلۆجیای پزیشـکی دادوەری، ئەرکیۆلۆجیاو یاســـا" پزیشـکی داد" کردبوو، پێویســـتە ئەوەش بوترێ کە تیمەکە لە زۆر وڵاتی دیکە گۆڕیان هەڵدابووەوە وەک ئەرجەنتین، چیلی، ئێلســـلڤادۆرو گواتیمالا. لە کوردســـتانی باشـــوریش، لە ســـێ شـــوێندا گۆڕیان هەڵدایەوە: گوندی کورێمێو گوندی برجینی کیمیابارانکراو هەمان تیم و هەمان ئەوســـاڵە لە گۆڕســـتانی کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ کە زۆر لە ئەنفالکراوەکانی لێ نیشـــتەجێ بوو لە نزیک شـــاری هەولێر گۆرێکیان هەڵدابووە کە تەرمی منداڵێکی تێدابوو لەبرسانو لەبەر بەدخۆراکی گیانی لە دەستدابوو، باش بوو کەوا لەو گەشـــتەماندا خانەوادەی ئەو منداڵەم دۆزییەوەو دیدارم لەگەڵ کورێکیاندا کرد بەناوی فاخرو زانیاری زۆری پێدام دەربارەی ئەو خوشـــکەی وا لە بەحرکە گۆڕەکەیان هەڵدابووەوە. ئەوانەی هەردوو گوندی کورێمێو برجینی بە چاوســـاغی دەربازبووەکانو بەرێوەبەرایەتی تەندروســـتی پارێزگای هەولێرو پزیشـــکی دادوەری پارێزگای دهۆک ئەنجامدرا بوو.

5 بروانە عومەرمحەممەد - هاشم – چاپی یەکەم . 2013 دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژیەکەی گوندی کورێمێ - ئەنفالستان ژمارە (8) لاپەرە 9 دۆسێی ئەو پیاوانەی لە دۆزەخ گەرانەوە.


GK
B

 
hoto : Anfalistan






شه‌هید
اکرم شریف فتاح
چه‌لکی به‌رواری
ژدایك بون ١٩٥٤
شه‌هید بون ل
photo : Anfalistan


photo: Docomentarey


photo: Docomentarey


شەهید
رشید جعفر طاهر
چەلکی بەرواری
ژدایک بون ١٩٦٩
شەهید بون


photo: Docomentarey
بەڕێوبەرایەتی گشتی شەهیدانی سلێمانی


photo: Docomentarey
بەڕێوبەرایەتی گشتی شەهیدانی سلێمانی




photo: Docomentarey
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانی سلێمانی